کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-11-2007 2:21

## ڕانیە لەنمایشی شانۆوە بەرەو سینەما ... ئەرسەلان مەحمود

ئێمە چۆن ببینە بەشێك لەگۆڕاوی دنیای ئەمڕۆ، چکارێك بکەین وەك مرۆڤ بمانبەستێتەوە بەمرۆڤەکانی جیهانی دەرەوەی خۆمان، بەچزمان و ستایلی بدوێین زۆرترین کاریگەری بەجێدەهێڵین و دەپەڕینەوە ژیانی مۆڕاڵە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکان، چۆن ئەندێشەو هزرو خەیاڵمان ئازاد دەبێت و دەبینە ڕەخنەگرێکی بابەتی ئەوتۆ کاریگەری و گۆڕانی چۆنایەتی بخەینەوە، ژیانی نمایش و شانۆمان هەوراز بردو جۆگرافیاکانی گووتارو هەڵوێستی هونەریمان بەچ ئاڕاستەیەکدا بەرین و لەکوێدا چڕبکەینەوە، سەرئەنجام لەکێوە دەست پێبکەین؟... ئەمانەو پرسیارگەلێکی تر تۆبڵێی دواجار بەرەو کوێمان بەرن، بەر لەهەرشتێك پێویستە ئێمەش وەك گەلانی تر، وەك مرۆڤە داهێنەرو هەڵسوڕاوە بەنەخشەکانی تری دنیا بینی ئەمڕۆی دوور لەناوەوەی وجودی خۆمان، بەدروو کەوتنەوە لەشێوازو ڕێگاکانی دەربڕینەوە، لەنەشونماپێکردنی باوەڕی نوی و تێپەڕاندنی لاسایگەرێتی و خۆ دووبارەو چەندبارەکردنەوە، دەتواندرێت هەورازتر لەدوێنی هەنگاومان هەڵبگرین و دەستپێبکەین، لێرەوە کاری داهێنەرانەو بەنەخش ئەنجامبدەین، بێگومان ئاشکرایە ئەمەش تەنها بەمرۆڤە کراوەکان، بەڕۆشنبیرە ئازادو بەخەڵکانی دەستەبژێر، ئەوانەی



خۆنەویستن لەپێناو فەراهمکردنی کەش و ژینگەیەکی نوی ماندو نابن دەتوانری بهێندرێتە دی، بەڵی بەهزرو بەزمان، بەڕوانینێکی ئێستاتیکی و هەڵوەشاندنەوەی قەولو قەرارە کۆن و چەقبەستووەکانی تا هەنووکە کارمان پێکردون و لەسەریان ڕۆیشتووین، بەداڕشتنەوەی پەیوەندی نێوان کارەکتەرو دەرهێنەر، بەهەڵبژاردنی شێوە نمایشی نوی و ئاشتکردنەوەی بینەر، ئەو جیهانە دەستەبەر دەکری، بەخۆخەریککردن و بێگومان دۆزینەوەو هەڵبژاردنی ئەو زمانەی کەدەمانهاوێتە نێو ژیانی نوی و دەمانگونجێنی لەگەڵ سروشتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، دەتوانین سەرە دەزوی ئەم سەرەتایە دەست پێوە بگرین و دەست پێبکەین، ئەمەی ئەمڕۆش لەشێوەی فیستیڤاڵێك بۆ کورتە فیلم لەڕانیە ئەنجامدەدری لەگەڵ ئەوەی وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو پرسیارگەلە نیە، لەگەڵ ئەوەی نامەوی بڵێم پەرجۆیەکەو لەلایەن هەردوو سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس و بزافی ڕۆشنبیری سلێمانی بەبەشداری کۆمەڵێکی زۆر لەهونەرمەندانی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی خولقێندراوە، بەڵام سەرەتایەکەو بۆیەکەمینجارە لەمێژووی خۆیدا دەڤەری ڕاپەڕین چالاکی لەوچەشنە بەخۆوە دەبینی و شەرەفەکەشی بەئەوان بڕاوە، هەنگاوێکی هیوابەخشەو دەکری بڵێین ئێستا ڕانیە لەنمایشی شانۆوە بەرەو سینەما هەنگاوی هەڵدەگری..

ئەگەرچی تائێستاش ئەو شارە خاوەنی سینەما یان هۆڵێکی سینەما نیەو لایەنی پەیوەندیدار پاساوێکی بابەتی پێنیە پێمان بسەلمێنی بۆچی و لەبەرچییە لای لێنەکردۆتەوە، ئەم شارەو دەڤەرەکە بەگشتی وەك دەیان کەموکوڕی تر بێبەشی یان کەمبەشی پێشکەشکردنی زۆرینەی خزمەتگوزاریەکانەو فەرامۆشی قەدەرێکی نەگۆڕو نادیاری بێپەروا کراوە بەڵام دەبی لایەنی بەرپرس و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە بەگشتی ئەوە بزانین کەدواجار هونەری درامی و شانۆی کوردی لەئێستادا ئەگەر ئەداکردنێکی ئەوتۆی تیادا بەدینەکرێت ئەگەر نەتوانی ئەو لایەنە کێشەکانی تاك و کۆمەڵی ئێمە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەخۆبگرێت و بەجۆری کەوەك ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی دنیا نوێنەرایەتیمان بکات، هەزار ئەوەندەی تر شارو شارۆچکەکانی بیتوێن و پشدەر بی سینەماو هۆڵی سینەما بن دەبی بپرسین چیتر لەوەباشتر هەیە تەژیمانبکاتەوە لەژیان، هەڵوێستەکان لەکوێن بمانگەیەنێنەوە جوانیەکان و بمانبەستێنەوە بەمرۆڤایەتی ئێستا، زانراوە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و دەستەبژێرەکانی ناوچەکە هەن، خۆبەخشانە سالانێکە ناکەون و ململانی لەگەڵ مانەوەو هەڵکشان بەرەو داهێنانی نوی و خۆپڕ عیشقتر دەکەن، تێدەگەن هونەری سینەمایە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان بەگشتی کاریگەریەکانی هێندە کاراو کاریگەرو بەربلاو کەوتونەتەوە ناکری لەو ڕیتم و ڕەوتەی کارکردنە بەجێبمێنن و دواجار بەختیارییەك نەبینین، ئەمڕۆ ڕانیەو سلێمانی سبەینی بەرەو ڕانیەو هەولێر دواتر بەرەو بەردەوامی و نەوەستان لەوبوارەداو ناکری تاسەر لەکون و کەلەبەرە کۆنەکانەوە بۆ ژیان و بۆ دنیان بڕوانین و هەروەك چۆن ناشکری حکومەتی کوردستانیش ئەو لایەنە، ئەو شاروشارۆچکانە فەرامۆشی هیچجۆرە پاساوێکی حازر بەدەست لەوە زیاتر نەکات، ڕاستە ئێستا خاوەنی بەڕێوەبەرایەتییەکین بەناوی سینەماو سالانێکیشە لەسەر ئاستی پارێزگاکان نمایشی سینەمایی بۆ کورتە فیلم لێرەو لەوی بەڕێوە دەچێت و دەبیندرێت بەڵام هێشتان پێویستی زۆرترمان بەشۆڕبوونەوو گرنگی پێدانی چۆنایەتی تری ئەو بوارە هەیەو دەبێت کاریگەریەکانی ڕەنگپێبدرێتەوە، دەبی مەودا دورەکانی دنیا بینی و مرۆ ویستی و شێوە ژیانی هاوچەرخ بۆ بینەر نزیبکرێنەوە، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ بۆ یەکەمینجار کەلەدەڤەرەکەدا بەچاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەرپەرشتی بەڕێوەبەرێتی سینەما بۆ نمایشکردنی کورتەفیلمی سینەمایی لەلایەن هەردوو سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆس و بزافی ڕۆشنبیریی سلێمانی لەدەروازەی ڕاپەرینا پشاندەدرێت، دروست سەرەتای دەسپێکردن و خەملێنی ئەو خولیاو خۆشەویستیەیە لەلایەك و بەبارێکی تریشدا ئاگامەندیەکی هەردوولا (حکومەت و سەنتەرەکان) سەبارەت بەو حەقیقەتانە دەردەخات، بۆیە بەدەرفەتیشی دەزانم لێرەوە داوای گەلاڵەکردنی پڕۆژەیەك بۆ دروستکردنی هۆڵی سینەماو جێبەجێکردنی لەلایەنی پەیوەندیدار لەڕانیەدا بکەم دڵنیاشم دواجار داواکاری و هیوای هەمووانە..

Amk974@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.